# مەنسوری حکمەت نەماوە، بەلام حکمەتیزم حکمەتیەکان ماون!

سمير نورى

بەرز وبەرسز بيت يادى رابەرى مەزنمان مەنسورى حكمت

ئـيمە بەبـى مەنسـور حكمـت نـەمان دەتوانـى بـزوتنەوەى كومۆنيزمـى كريكارى بنيات بنين، و بەبى حكمەتيزم ناتوانين سەركوتن بەدەست بهينين.

دواى ٦٠ سـال لەوەلانانـى كومۆنينزمـى مـاركس و دابرانـى كومونيـزم لـە بزوتنەوەى كۆمەلايەتى خۆى و دوور كەوتنەوە لە چينى كريكالر، داتەكاندنـى ماركسـزم لـە ناوەرۆكـى شۆرشگيرانەى خۆى و وەلا نانى تيورى خەباتى چينايەتى، ئيتر بەشەريەت پيويستى بە ماركسيكى تر هەبـوو تـا بـتوان ماكسـيزم لەژيـر تـەپ و تـوز تەحـريفات ودەسـتى وەردانـى بـورژوازى بينيـتە دەرەوە وەلام بەمەسـائيلەكانى كۆمۆنيزم و مەسائلە گرىيەكان بداتەوە، ئەو كەسە مەنسورى حكمەت بوو، ئيتر زەروورەتى رۆژ بوو بە قەولى حميد زەروورەتى زەمانە بوو.

مـن ناتـوانم مـيژووى خەباتـى تـيورى و سياسى مەنسور بخەمە روو ئەمە كاريكە بە من ناكرى، بە حميد و كورش و كەسانى ئەمسالى ئەوان دەكـرى، كەسـانيك چـركە بـە چـركەى ژيانـيان لەگەلـيدا بـوون و لـە هاوشـانيدا دەرۆيشـتن، ئەوان موسيقا ژەنى ئەو تيپە بوون كە مەنسور مايسترۆيەكەى بوو، مەنسور كەمانچەژەنى يەكەمەكەى بوو.

بـەلام مـن دەمـەوى گۆشـەيەك لـە دەورى مەنسـور باسـبكەم لەسـەر ئـيمە كومونستەكانى عيراق. كۆتايى هەفتاكان بوو، چەپى عيراق وەك چـەپى دنـيا و بەتايـبەت چـەپى جـيهان سـيهەمى لـە پۆپولـيزم دا نـووقم بـبوو، كۆمۆنيزمى لە دەست دوو و دەستى سيوە وەردەگرت، لە ناسـيونال چـەپەكانى فەلەسـتين وەك جۆرج حەبەش و كەسانى وەك ئەو وەردەگرت، چەپكيك لە قسەكانى ماوتسيتونگ وەكو جزمى عەمە لـە گيرفانمانـدا بـوو. دابەشـكردنى كـۆمەلگە بـۆ چوار چين وتەشخيس دانى كۆمەل بە نيوە فيودال ونيوە كولونيالى و خەباتى چەكدارى لە لادىـوە بـۆ شـار و دەيان مەقولەو مەفاهيمى تر لەو چەشنە كە تيكەلەيەك بوو لە ماويزم و تروتسكزم و سوشيالزمى روسى وئەلبانى و چ و چى هەموو شتى بوو فەقەت كومونيزم نەبيت.

لـەم كاتانـەدا بـوو بەحسـەكانى بسـوى سوسـياليزم دەورەى يەكـەم و بەتايـبەت نووسـراوەى " ئەفسانەى بورژوازى ميللى وپيشكەوتنخواز "تەرجوموكـراو بلاو بووەوە، ئيتر ئەو ئەفكارو عەقائيدە شيوە سوشيالستيە وەك و بەفرى بەر هەتاو توانەوە. ئيتر نوسراوەكانى مەنسور و بـە تايبەت رەخنە لە پۆپۆليزم بە دەيت دەنووسرايەوە و لەلەشى خۆماندا دەمانشاردەوە شار بەشارمان پيدەكرد، ئەو كەسانەى كە زيندانى كـران لـەلاين حكومـتى بەعسـەوە لە سەر نووسراوەكانى مەنسوور كەم نەبوون، ئيتر لەو كاتەوە خۆمان سەر مەنسور دەزانى و ماركسزمى شورشگيرمان تەبنى كرد.

تـا ئيسـتاش ناسيونالسـتە كـورد و عەرەبـەكان پىمان دەلين مەنسورى حكمت ئيرانىيە ئيوە چۆن دەيكەن بە رابەرى خۆتان، ئاخە ئەوان گـەوجن، نـازانن مەنسـوورى حكمـوت سـنوورى نەدەناسـى، ئينترناسيونالسـت بـوو، جـيهان داگـر بـوو، بەرژەوەندنى چينى كريكار و گشت بەشەريەتى لەبەرچاو بوو.

ئـيمە زۆر ئاسـان بەحسـەكانى مەنسـوورمان قـبوول دەكرد ئيتر سيقەو متمانەمان پىى پەيدا كردبوو، بەحسەكانى كۆمۆنيزمى كريكارى زۆر زوو لەنـيوماندا مانـاى عەمـەلى پـەيدا دەكـرد. بەحسـەكانى لەسەر شورا دەست بە دەستى پيدەكرا، ئيمە لەخۆمانەوە دەستمان بۆ دروست كردنـى شـوراكان نەبـردلە ٩١دا، ئيمە مەنسوورى حكمەت پىى ووتبووين. ئيمە روومان كردە كارگە وكارخانەكان وشوينى ژيانى كريكاران و شـانەى شـوينى كـار ژيانـى كـريكارانمان پـيك دەهينا، چونكو ئيمە " شانە حزبيەكان وئاكسوينە كريكاريەكان" و"ئەنداميتى كريكاريمان لە حزبى كومونستدا" خويندبووە. ئيمە ئيتر دەمانويست بەشوينيكى ترەوە بگيرسينەوەو بە بزووتنەوەيەكى تروە ئيندماج بكەين.

مەنسـور رابـەرى شوراكانى ئازارى عيراق بوو، ئاخە بەحسەكانى ئەو بوو ئەو بزووتنەوەى بەريخست. لە هەموو كەس باشتر ئەو بزووتنەوەى دەناسـى، وختـيك ناسيونالسـتە كانـى ناو حزبى كومونستى ئيران وويستان بزووتنەوەى شوراى بكەن بەسەرپووشى بزووتنەوەى كوردايەتى لـەم ريگەيـەوە شورشـگيرتى بپچـرن بۆ ناسيوناليزمى كورد، منسور ووتى نا شوراكان لەدلى بزووتنەوە كوردەتيەوە شكلى نەگرتتوە ريك لە بەرامـبەر ئـەودا راوەسـتاوە رەبـتە بـە سوشـياليزم و سـونەتى سوسيالسـتىەوە، چـونكو ئـەو خـۆى رابـەرى ئـەو بـزووتنەوەيە بوو نەخشە داريژەرى بوو لە هەموو كەس باشترى دەناسى.

مەنسوری حکمەت رابەری سیاسی وحزبی ئیمە بوو ئەو موسلحی ئیجتماعی نەبوو، ئەو حزبی بۆ مهم بوو حزبایەتی بۆ مهم بوو ئەگەر ئەو نەبوایە من نازانم چەند سالیتر ئیمە دەمانتوانی حزب دروست بکەین.

ئەو لە نووسراوەیەکی داخلیدا پیی راگەیاندین، وتی حزب دروست کردن سیاسەتە، نەخشەی حزبەکەی بۆ کیشاین، ووتی دەست لەمەحفەلیزم هەلگرن، بەرژەوەندیە گشتیەکانی چینی کریکار لەبەرچاو بگرن.

حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق حیزبی مەنسوری حکمەتە، بەبی ئەو حیزبەمان بۆ دروست نەدەکرا، ئەوە جیگای ئیفتخارمانە کە مەنسوور رابەری حزبەکەمانە.

ئەمرۆ ئیتر ئالای حزبەکەی مەنسور لە یەکیك لەشارە گەورەکانی دنیا لە شاری بەغدا شەکاوەیە، بە رابرایەتی کردنی بزووتنەوەی کریکاری، ژنان لاوان سەنگەر بەسەنگەر هەنگاو بەرەو دەسەلاتی سیاسی هەلدەگریت.

یەك سالی رابردوو بۆ ئیمە ئیمتحانیکی گەورە بوو، زۆر سەخت بوو، تازە بوو، بی مەنسور بوو، ئیمە ئیتر ئەو لاوە چواردە پانزە سالە بووین کە باوکی مردبوو دەبووایە مەسوولیەت قبوول بکەین، سەرای سەختی خۆمان راگرت و بەرەو پیش چوین. ئیتر مەنسور حکمەت مان لەگەل نیە بەلام حیکمتزمان پییە، ئیتر مەنسور نەماوە بەلام حکمەتیکان ماون ئیدامە بە ریگاکەی دەدەن و ئالاکەیان بەدەستەوەیە.

٢٠٠٣\٧\١١

---

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نوسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت